# قابیلی تۆبەنەکار

پەیدابوون ٤

لە دوایین وانەماندا دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم و حەوا فێربووین، هابیل و قابیل. زانیمان چۆن هەریەك لەوان ویستیان خودا بپەرستن و قوربانیەکی پێشکەش بکەن. قابیل هەندێك لە بەروبوومی زەوی کە کێڵابووی پێشکەش بە خودا کرد. بەڵام هابیل بەرخێکی بێ عەیبی وەك قوربانی بۆ خودا سەربڕی کە گوناە داپۆشێ. و نووسراوی پیرۆز ڕادەگەیێنێ: جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. ئەگەر باوەرت بە خودا هەیە، ئەوە باوەرت بە ووشەی دێنی و بە گوێن دەکەی. ئەگەر باوەر نەهێنی بەوەی کە خودا دەیفەرەوێ، مانای ئەوەیە کە تۆ خودی خودا ڕەت دەکەیەوە.

باشە بۆچی خودا هابیلی قبوڵ کرد بەڵام قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی ڕێگای ڕاستودرووستی خودا داوای قوربانی خوێنی دەکرد. خودا هابیلی وەك ڕاستودرووست دانا لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕی بە ووشەی خودا هێنا و ئەو قوربانییەی هێنا کە خودا داوای کرد. سەبارەت بە قابیل، ئەو هەوڵی دا کە لە ڕێگای هەوڵی خۆیەوە لە خودا نزیك بێتەوە، لەبەر ئەوەش خودا ئەوی قبوڵ نەکرد.

بۆ ئەم وانەکە نیازمان وایە دیراسەتمان سەبارەت بە هابیل و قابیل تەواو بکەین. ئایا دەزانی چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا قوربانیەکەی قابیلی ڕەت کردەوە؟ لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی چوارەم، ئایەتی پێنجەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا قابیل زۆر تووڕە بوو و ڕووی خۆی گرژ کرد. (پەیدابوون ٤: ٥) بۆچی قابیل توڕە بوو؟ تێ گەیشتنی ئەوە زەحمەت نییە. هەر بۆ ڕوون کردنەوە، ئەگەر من شتێکی خراپ بکەم و یەکێك پێم بڵێت، (تۆ شتێکی هەڵەت کرد! ڕەفتارت بگۆرە و شتی باش بکە!) دەبێ ڕەفتارم چۆن بێت بەرامبەر ئەو کەسەی کە سەرزەنشتمی کرد؟ یان دەبێت بەبێ لووت بەرزی ووشەکانی وەرگرم و ڕەفتارەکانم بگۆڕم یان توڕە دەبم لەگەڵی و بەردەوام دەبم لە هەڵەکەم.

خودا قابیلی سەرزەنشت کرد بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەو ئیشانەی ئەنجامی دا، کە وەك قوربانی پێشکەشی کرد، هیچ بەهای نەبوو لە بەرامبەر خودا. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات و بەرخێکی بێ عەیب بکات بە قوربانی، هەر وەك هابیل. خودا ویستی ڕێگای ڕاست بە قابیل نیشان بدات، ڕێگای لێ خۆش بوون. بەڵام قابیل، بەسەربەرزی خۆی، دانی بە گوناهباری خۆی نەنا بەرامبەر خودا. لەباتی ئەوە، توڕە و دڵتەنگ بوو.

لەبەر ئەوە، خوداوەند بە قابیلی فەرموو: (بۆ تووڕە بوویت و ڕووی خۆت گرژ کردووە؟ ئایا ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی بدەیت، پەسەند ناکرێیت؟ خۆ ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی نەدەیت ئەوا گوناه لەبەر دەرگا خۆی مات کردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ دەبێت بەسەریدا زاڵ ببیت. (پەیدابوون ٤: ٦، ٧) بۆچی خودا بەم شێوەیە پرسیاری لە قابیل کرد؟ پرسیاری لێ کرد لەبەر ئەوەی نەدەویست قابیل بفەوتێ. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات لە گوناهەکانی و بە دوای ڕێگای ڕاست بکەوێ. خودا قابیلی ئاگادار دەکردەوە سەبارەت بە دوژمنێکی سامناك، کە هەڕەشەی بە فەوتانی ئەو و نەتەوەکەی دەکرد. ئەو دوژمنەش پێی دەوترێ گوناه!

باشە گوناه چییە؟ گوناه کێشەی جیهانە. خراپترین دوژمنمانە. گوناه وەك مارە، پڕە لە زەهری کوشندە. وەك پشکۆیەکی ئاگری بچووکە کە دەتوانێ دارستانێکی گەورە بسوتێنێ. گوناه مەشخەڵێکە کە شەیتان جیهانی پێ دەسوتێنێ! ووشەی خودا دەفەرموێ، بۆیە ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناه دەکات. (یاقوب ٤: ١٧) چونکە گوناه سەرپێچییە....ئەوەی گوناه بکات لە ئیبلیسە، چونکە ئیبلیس لەسەرەتاوە گوناهی کردووە. (١ یۆحەنا ٣: ٤، ٨) گوناه ئەو هێزەیە کە لەناو ئەندامەکانی لەشمان دەجولێتەوە و شەڕ دەکات دژ بەوەی ڕاست و چاکە. هەرچی لەگەڵ ئیرادەی خودا نەگونجێ گوناهە. گوناه ڕەتی دەکاتەوە کە باوەڕ و پابەند بێت بە ووشەی خودا. گوناه مانای ئەوەیە بەکەیفی خۆم بکەم. (تەماشای ئیشایا ٥٣: ٦ بکە)

کۆتایی ئەوانە چییە کە بەکەیفی خۆیان دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە خودا بێنن و بەگوێی نەکەن؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەوانە بە لەناوچوونی تاھەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی توانایەکەی. (٢ تەسالۆنیکی ١: ٩) ئەوانەی بە دوای ڕێگای ڕزگاربوون دەکەون کە خودا فەرمانی پیێ داوە ژیانی تاھەتاییان پێشکەش دەکرێت. بەڵام ئەوانەی دڵی خۆیان ڕەق دەکەن بەرامبەر بە ڕاستی ڕووبەڕووی تورەبوون و دادوەری خودا دەبنەوە. بەڵام، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: کە خودا نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو ھەموو بۆ تۆبەکردن بێن. (٢ پەترۆس ٣: ٩) خودا نەیویست قابیل لەناو گوناھەکەی بفەوتێ. ئەوەی بۆ قابیلی ویست تۆبەکردن بوو و واز بێنێ لە ڕێگای ناڕاستودرووستی کە ھەڵیبژاردبوو، و ڕێگای ڕاستودرووستی ھەڵبژێری.

ھەر وەك لە وانەی ڕابردوودا زانیمان، پەروەردگار خودا پلانێکی بۆ گوناھباران ئاشکرا کردبوو کە بتوانن بکرێن بە ڕاستودرووست بەرامبەر خودا. ھابیل باوەڕی بە پلانەکەی خودا ھێنا و بەرخێکی بێ عەیب سەربڕی وەك قوربانی کە گوناە داپۆشی لەپێناو خودا. ھابیل باوەڕی بە قسەی خودا ھێنا: کرێی گوناە مردنە و لێخۆشبوونی گوناھیش بێ خوێن ڕشتن نابێت! (ڕۆما ٦: ٢٣ و عیبرانیەکان ٩: ٢٢) لەبەر خوێنە ڕژاوەکەی بەرخەکە، ھابیل بوو بەخاوەن ویژادنێکی پاك بەرامبەر خودا. ھابیل دەیزانی کە گوناھبارێکی تاوانبارە و شایەنی سزای خودایە، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە بەرخێکی بێ تاوانی پێشکەش کرد ھەر وەك خودا داوای کردوە. ئەو بەرخەی کە ھابیل کردیە قوربانی ھێمایێك بوو بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەھاتە جیھانەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی ببەخشیێ وەك قوربانییێك کە قەردی گوناھی مرۆڤ تاھەتا ڕەش بکاتەوە. سەبارەت بە قابیلیش، ئەو وای نیشان دەدا کە باوەڕی بە خودا ھێناوە، بەڵام کردارەکانی ئەو شتەیان ڕەت دەکردەوە. قابیل تەنھا بە دەم ڕێزی (واتا تەکریمی) خودای دەکرد، بەڵام دڵی زۆر دوور بوو لێی. خوێنی بەرخێك داواکاری خودا بوو، بەڵام قابیل کرداری دەستی خۆی پێشەکەش بە خودا کرد. پەرستنی قابیل بەتەواوی مایە پووچ بوو بەرامبەر بە خودا، لەبەر ئەوەی ڕێگای خودای قبوڵ نەکرد.

با ئێستا ئایەتی پاش ئەوە بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین قابیل چی کرد لەپاش ئەوەی خودا سەرزەنشتی کرد لەبەر قوربانییە بێ نرخەکەی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، جا قابیل بە ھابیلی برای وت: (با بۆ کێڵگەکە بڕۆین.) واش ڕوویدا کاتێک ھەردووکیان لە کێڵگە بوون، قابیل پەلاماری ھابیلی برای دا و کوشتی.) (پەیدابوون ٤: ٨) قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ ئایا باوەڕی بە خودا ھێنا و خوێنی بەرخێکی کردە قوربانی بۆ گوناە؟ نەخێر! قابیل گوناھی کردە سەر گوناە بەھێرش بردنە سەر و کوشتنی ھابیلی برای.

زۆر سەیرە! قابیل، ئەوەی کە ڕەتی کردەوە خوێنی بەرخێك برژێنی تاوەکو خودا لە گوناھەکانی خۆش بێت، ئێستا خوێنی برا ڕاستودرووستەکەی ڕژاند! کێ بیرۆکەی کوشتنی براکەی لە مێشکی قابیل چەسپاند؟ قابیل گوێی لە کێ دەگرد؟ قابیل گوێی لە شەیتان دەگرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قابیل براکەی کوشت لەبەر ئەوەی قابیل سەر بە خراپەکار بوو. (١ یۆحەنا ٣: ١٢) تائێستا زانیمان خودا چۆن ڕایگەیاندووە کە دوو جۆر یاخود گرووپ خەڵك دبێت لە جیھاندا، خەڵکی خودا و خەڵکی شەیتان. ھابیل ھی خودا بوو لەبەر ئەوەی بای ئەوەندە باوەڕی بە ووشەی خودا ھەبوو کە بەگوێی بکات. قابیلیش ھی شەیتان بوو لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ووشەی خودا نەھێنا.

با ئێستاش بخوێنینەوە لەوەی خودا بە قابیلی ووت لەپاش ئەوەی برا بچووکەکەی کوشت: خوداوەند بە قابیلی فەرمووی: (کوا ھابیلی برات؟) ئەویش وتی: (نازانم، خۆ من پاسەوانی براکەم نیم؟) جا خوداوەند فەرمووی: (چیت کردووە؟ گوێ بگرە! دەنگی خوێنی براکەت لە زەوییەوە ھاوارم بۆ دەکات. ئێستاش تۆ نەفرەت لێکراویت لەو زەوییەی کە دەمی کردەوە بۆ وەرگرتنی خوێنی براکەت لە دەستی تۆ. کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەیت، چیتر بەروبوومی خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبیت.) (پەیدابوون ٤: ٩–١٢)

بەو شێوەیە، خودا قابیلی سزادا، فەرمووی: (کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەیت، چیتر بەروبوومی خۆیت ناداتێ) هەر بەو شێوەیە، خودا لەپێناوی ئیدانەکردن قابیلی سزا نەدا، بەڵکو ڕێگای تۆبەکردنی لە گوناهی پێ نیشان بدات و باوەڕ بەڕاستی بێنێت و ڕزگاری بێت. ئەی قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ نەخێر، تۆبەی نەکرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئیتر قابیل لەبەر حزووری خوداوەند دەرچوو و لە زەوی (نۆد) لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو. (پەیدابوون ٤: ١٦) قابیل بوو ئەوەی ووشەی خودا پشت گوێ خست، پشتی لە خودا کرد ولە ژیانی خۆی دەری کرد. خودا نەبوو قابیل دوورکردەوە لەخۆی، بەڵکو قابیل بوو خۆی لە خودا دوورکردەوە.

ئەمڕۆش، زۆربەی نەوەی ئادەم بە قابیل دەچن، بەردەوام بە شێوازی خۆیان دەکەن و دەرگای دڵی خۆیان بەرامبەر دەنگی خودا دادەخەن. بەزمان دەڵێن (خودا مەزنە!) بەڵام لەناخی دڵەوە پێیان وایە کە (خودا زۆر دوورە! کەس ناتوانێ بیناسێ!) بەڵام، ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کە خودا لە کەسمان دوور نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە ژیان و هەناسە و هەموو شتێکی تر دەبەخشێ بە هەموو کەسێك. لە ترپەی دڵمان نزیکترە لێمان. خودا زۆر لە نزیکەوە دەتناسێ و دەیەوێ تۆش لە نزیکەوە بیناسی! (کرداری نێردراوان ١٧: ٢٤–٣١ و ڕۆما ١٠: ١–١٣ تەماشای بکە)

باشە ئەی بۆچی زۆربەی خەڵك حەز ناکەن خودا لە نزیکەوە بناسن؟ ووشەی خودا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. خودا دەفەرموێ، (ئەمەش حوکمەکەیە: ڕووناکییەکە هاتە جیهان و خەڵک لە جیاتی ڕووناکییەکە تاریکییەکەیان خۆشویست، چونکە کردەوەیان خراپ بوو. [٢٠] لەبەر ئەوەی هەر کەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرا بێت.) (یۆحەنا ٣: ١٩–٢٠)

خەڵك خودا ناناسن لەبەر ئەوەی وەك قابیل پشتیان لە ووشەی خودا کردووە. پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی: وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام. (زەبورەکان ١١٩: ١٠٥) ئەگەر پشتت لە ڕووناکی ووشەی خودا بکەی، ئەوا هەر لە تاریکی گوناه دەمینێیتەوە و هەرگیز خودا ناناسی. خودا لات دوور دیار دەبێت. بەڵام، خودا دەیەوێ ئەوە بزانی کە ئەو دوور نییە. خودا لە پشتتە، لە تەنیشتتە، و ڕێك لە بەرامبەرتە. خودا تۆی خۆش دەوێ و دیەوێ پەیوەندیەکی نزیکت لەگەڵ ببەستێ. بەڵام نابێت وەك قابیل بیت، کەوا دڵی خۆی ڕەق کرد و ڕێگای ڕاستودرووستی خودای ڕەت کردەوە. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات. تا ئەمڕۆش، خودا هەموو کەسێك ڕادەسپێرێ کە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای ئەو و باوەڕ بە ووشەی بهێنن.

مانای تۆبەکردن دەزانی؟ تۆبەکردن مانای ئەوەیە کە بیروبۆچوونت و کردارەکانت بگۆڕی. مانای ئەوەیە کە دان بنەیت بەرامبەر خودا و بڵێیت، (من هەڵە بووم لەبیروبۆچوونم سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاری کە داتمەزراندووە!) تۆبەکردن مانای ئەوەیە کە یەك دەنگ بیت لەگەڵ خودا کە تۆ هیچ ڕێگایەکت نییە بۆ ڕزگارکردنی خۆت لە دادوەریە ڕاستودرووستەکەی خودا و پاشان ڕوو لەو بکەی و مل کەچی ڕێگای ڕزگاربوونی ئەو بیت.

ئەو کەسەی بەڕاستی تۆبە دەکات وەك گەشتیارێك وایە کە بییەوێت سواری سەیارە بێت لە هەولێرەوە بۆ بەغدا. پاش ئەوەی ئەچێ بۆ گەراج و سواری پاس دەبێت، لە نیوەی ڕێ دەبینێ سواری پاسی دهۆك بووە! دەبێت ئەو کەسە چی بکات باشە بۆ ئەوەی بگاتە بەغدا؟ دەبێت (تۆبە) بکات — واتا دەبێت دان بنات کە بە ڕێگای هەڵەدا چووە و بە زووترین کات لەو پاسە دابەزێ و سواری پاسی بەغدا بێت. لەبەر ئەوە دەبینین کە تۆبە کردنی تەواو دوو ڕێگا لەخۆ دەگرێ: ڕەتکردنەوەی هەڵە و وەرگرتنی ڕاست. تۆبەی ڕاستەقینە دوو کردار لەخۆ دەگرێت. یەکەم، دەبێت واز لەنەفست ولە گوناه و لەو شتانەی کە دەیپەرستی بهێنی و کرداری خۆت بۆ بە دەست هێنانی بەرەکەتی خودا. پاشان ڕوو لە خودا بکەیت ووشەی بکەی کە پێت دەڵێت چۆن ڕزگارت دەبێت. ئەوە تۆبەی ڕاستەقینەیە.

سەبارەت بە قابیل، ئەو هەرگیز تۆبەی نەکرد. بە ویستی خۆی بەردەوام بوو لەسەر ڕێگای خۆی بڕوات. ئەو ڕەتی کردەوە مل کەچی

ڕێگای ڕزگاری بێت کە خودا دایمەزراندووە. بۆیەش نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: قوڕ بەسەریان! چونکە ڕێگای قابیلیان گرتووە.... ئەستێرەی گەڕۆکن کە تاهەتایە ڕەشایی تاریکییان بۆ هەڵگیراوە. (یەهوزا ١١، ١٣)

با وەك قابیل نەبین! با سەرنج بدەینە ئاگاداری خودا کە دەفەرموێ، (بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن.) (لۆقا ١٣: ٣) دادوەری خودا ڕاستەقینەیە و بەسەر ئەوانە جێ بە جێ دەکرێ کە هەرگیز خۆیان پاك نەکردۆتەوە لە گوناهەکانیان.

با هیچ هەڵەیەك نەبێت سەبارەت بەمە: تۆ هەرگیز ڕاستودرووست نابیت بەرامبەر خودا لەسەر بنەمای کردەوە چاکەکانت. هەروەك قابیل، زۆربەی خەڵك پییان وایە لە دادوەری خودا ڕزگاریان دەبێت بەشوێن کەوتنی یاسا و فەرمانەکانی ئاینی خۆیان. بەڵام بوونی کەسێك بەدیندار مانای ئەوە نییە کە ڕاستودرووستە. ووشەی خودا دەفەرموێ: چونکە بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت.... هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی.... چونکە بە نیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.
(ڕۆما ٣: ٢٠ و ئیشایا ٦٤:٦ و ئەفەسۆس ٢: ٨،٩)

لە وانەی داهاتوودا دیراسەتی هەندێك لە نەوەی ئادەم دەکەین، یەك لەوانە، پێغەمبەری خودای ئەخنوخ.

خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ تۆ بە ووردی سەرنجی چیت بخوێندیتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداوەند...لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبە کردن بێن....بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن! (٢ پەترۆس ٣: ٩ و لوك ١٣: ٣)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

بۆچی خودا هابیلی قبوڵ کرد بەڵام قابیلی قبوڵ نەکرد؟

ئایا دەزانی چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا قوربانیەکەی قابیلی ڕەت کردەوە؟

بۆچی قابیل توڕە بوو؟

دەبێ ڕەفتارم چۆن بێت بەرامبەر ئەو کەسەی کە سەرزەنشتمی کرد؟

بۆچی خودا بەم شێوەیە پرسیاری لە قابیل کرد؟

گوناە چییە؟

کۆتایی ئەوانە چییە کە بەکەیفی خۆیان دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە خودا بێنن و بەگوێی نەکەن؟

قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ ئایا باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی کردە قوربانی بۆ گوناە؟

ڕات چییە بەمە؟ کێ بیرۆکەی کوشتنی براکەی لە مێشکی قابیل چەسپاند؟ قابیل گوێی لە کێ دەگرد؟

.ئەی قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟

.ئەی بۆچی زۆربەی خەڵك حەز ناکەن خودا لە نزیکەوە بناسن؟

.مانای تۆبەکردن دەزانی؟

.دەبێت ئەو کەسە چی بکات باشە بۆ ئەوەی بگاتە بەغدا؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com	www.rrdk.org